## بێریڤان محەممەد ڕاهێنەری لەشجوانی:

# خەونی من ئەوەیە ببم بە پاڵەوانی جیهان و ڕاهێنەرێکی سەرکەوتوو بم

**لە ئێستادا لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان یارییەکانی لەشجوانی و زوومبا و ئایۆبیك بوونەتە بەشێك لەو یارییانەی کە خانمان بە ڕێژەیەکی بەرچاو ڕووی تێ دەکەن، بۆ ئەوەی هەم حەز و خولیاکانیان بەجێ بهێنن، هەمیش ببنە خاوەن لەشێکی ڕێك. لە کوردستان ئەم یارییە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە پەرەسەندندایە و ئافرەتانیش بە شێوەیەکی زیاتر لە جاران، ڕوو لەو وەرزشە دەکەن. لە شارۆچکەی ڕانیە خانمان زیاتر ڕوو لە وەرزشی زوومبا و ئایۆبیك و لەشرێکی و مەشقی سوێدی دەکەن، بێریڤان محەممەد لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٥ی حاجیاوایە و لە یەك کاتدا ڕاهێنەر و یاریزان و ناوبژیوانە و لە ساڵی ٢٠١٦ـەوە تا ئێستا ڕاهێنەری چەندین جۆری وەرزشە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان سەبارەت بەم وەرزشە لێ کرد، ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

**دیمانە: کارزان کانەبی**



*** هاتنت بۆ ناو ئەم وەرزشە چۆن بوو؟**

- ئامانجی من لەم وەرزشە لەشێکی تەندروست و بەهێز بوو، کە بە زانست و پێشکەوتن بتوانم بەدەستی بهێنم.

*** ئایا ئەم وەرزشە بۆ خانمان تا ڕادەیەك قورس نییە؟**

- نەخێر، بە هیچ شێوەیەك قورس نییە و لە هەموو ڕوویەکەوە بۆ ئافرەت زیاتر پێویستە، ڕاستە ماندووبوونێکی زۆر دەکەین، بەڵام چێژێکی تایبەتی هەیە، ناتوانم دەستبەرداری بم.

*** دوو وەرزش لە یەك کاتدا دەکەی، هەڵگرتنی قورسایی و لەشجوانی، لە کامەی سەرکەوتووتری؟**

- ڕاستە من یاریی لەشجوانی و لەشرێکیم کردووە، لە ساڵی ٢٠١٧ یش توانیمان پاڵەوانێتییەك لە سەر ئاستی سلێمانی ساز بکەین، خۆشبەختانە توانیم پلەی یەکەم بەدەستبهێنم، لە ساڵی ٢٠١٨ لە پاڵەوانێتیی هێزی لەشیش لە کوردستان پلەی یەکەمم بەدەستهێنا.

*** پێشوازیی ئافرەتان لەم یارییە بە چ جۆرێکە و ئاستی ئەم یارییە لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

- لە ئێستادا پێشوازیی ئافرەتان لەم وەرزشە لە ساڵانی پێشوو باشترە، ئافرەتانمان چاو لە یەکدی دەکەن، زۆر باشیش هاتوونەتە ناو پاڵەوانێتییەکان، ئێستا ئافرەتان لە چاو ساڵان بە هەموو تەمەنێك و ڕەگەزێکەوە بەشداری لە وەرزشی لەشجوانی و لەشرێکی دەکەن.

*** بۆ هێنانە پێشەوەی ئافرەتی وەرزشکار بۆ نێو ئەم یارییە چی بکرێت باشە؟**

- پێویستە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە چەند سیمینارێك بکرێت و چالاکیی ئەنجام بدرێت، بۆ ئەوەی ئافرەتان بزانن کە لە گشت ڕوویەکەوە ئەم وەرزشە زۆر پێویستە.

*** وەکو کچە یاریزانێك بەرنامەت بۆ داهاتووت چیبە؟**

- لە بەرنامەمدایە کار بکەم لە سەر ئاستی هەردوو رەگەزە و هاوکاریکردنیان بۆ پێشخستنی زیاتری ئەم وەرزشە، پێشتریش زانیاریی زۆرم بە چەند هۆڵێك بێ بەرامبەر داوە.

*** بەنیازی لە چەند پاڵەوانێتییەك بەشداری بکەی، چاوت لە چییە؟**

- بەنیازی ئەوەم لە پاڵەوانێتییەکانی دەرەوەی هەرێم بەشداربم و ئامانجی گەورەم هەیە لەم وەرزشە و دەمەوێ بە پاڵەوانی بمێنمەوە.

*** گرفتی ئەم یارییە لە چی دەبینی؟**

- تەنیا بەهەڵە تێگەیشتنی هەندێك کەس لەم بوارە گرفتە، ئەگەرنا هیچ گرفتێکی نییە و بێ جیاوازییە.

*** وەکو کچە وەرزشکارێك خەونی وەرزشیت چییە؟**

- هەرچەندە خۆم راهێنەری هەردوو رەگەزم، بەڵام خەونی من ئەوەیە کە لەم وەرزشەدا ببم بە پاڵەوانی جیهان و راهێنەرێکی سەرکەوتووبم.

*** وەکو راهێنەرێك بەنیازی ئەوە نیت تیپێکی کچان لە شارەکەتان دروست بکەیت؟**

- تیپم هەیە، بەڵام یاریزانەکانم زۆربەیان هێزی لەش دەکەن، زۆریش هاتوون بۆ بەشداریکردن لە پاڵەوانێتییەکان .

*** بۆ ئەم وەرزشە کێ هاوکاریت دەکات؟**

- خانەوادەکەم هیچ کات رێگر نەبوون، لە منداڵییەوە حەزم لەم وەرزشە بووە و هەندێك مەشقی سویدیم کردووە، لە سێزدە ساڵییەوە جیمناستیکم کردووە.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- سوپاسی ستافی گۆڤاری گوڵان دەکەم بۆ ئەو دیمانەیە، بەهیوای سەرکەوتنی بەردەوام.






# هەولێر بەشێوەیەکی جیاواز خۆی بۆ خولی کوردستان ئامادە دەکات

**یانەی هەولێر بەشێوەیەکی جیاواز خۆی بۆ خولی نایابی کوردستان وەرزی (٢٠١٩-٢٠٢٠) ئامادە دەکات، لە ڕێگەی دەستنیشانکردنی دەستەی ڕاهێنەران و سەرخستنی ژمارەیەك لە یاریزانانی تیپی لاوانی یانەکە، کە پاڵەوانی خولی نایابی کوردستانە و هەروەها گرێبەستی بەشێك لە یاریزانانی یانەکە لە وەرزی ڕابردوو نوێکردووە و هاتنی بەشێکی تری یاریزانان لە یانەکانی تر.**

**ئا: ڕێبین ڕەمزی**

**دەستەی ڕاهێنەران**

لەم وەرزە یانەی هەولێر بڕیاریدا گرێبەست لەگەڵ ڕاهێنەرێکی لاو مۆربکات بەمەبەستی ئامادەکردنی تیپێکی تۆکمە و پێگەیاندنی یاریزان بۆ تیپی یەکەمە یانەکە.

بەفەرمی یانەی هەولێر گرێبەستی لەگەڵ ئەحمەد مناجد یاریزانی پێشووی هەڵبژاردەی عێراق مۆرکرد بۆ وەرگرتنی پۆستی ڕاهێنەرایەتی تیپی دووەمی یانەکە و هەروەها ئەحمەد شوکر وەکو یاریدەدەری ڕاهێنەر دەستنیشانکرا و گۆڵپارێزی پێشووی هەولێر دیدار حامد وەکو ڕاهێنەری گۆڵپارێز دەستنیشانکرا.

**نوێکردنەوی گرێبەست**

یانەی هەولێر بەفەرمی گرێبەستی (١٢) یاریزانی وەرزی ڕابردووی نوێکردووە، کە هەندێکیان ئەزموونێکی باشیان لە خولی نایابی کوردستان هەیە و یاریزانەکانیش بریتین لە (هۆگر حوسێن، هیدایەت لەتیف، ئەحمەد فەرخۆ، زەید مەغدید، محەمەد کەیفی، بارزان ئیبراهیم، ئەمیر ئیسماعیل، عومەر ئیبراهیم، عەلی عەبدوڵڵا، ئەحمەد ڕێبوار، ئیبراهیم ئەزوەر، عەبدوڵڵا حەمەد).

**سەرخستنی یاریزانی لاو**

بەمەبەستی تۆکمەکردنی تیپەکە بەفەرمی یانەی هەولێر بڕیاریدا (١٦) یاریزانی تیپی لاوان سەربکەوێت بۆ تیپی دووەم، ئەم یاریزانانە لە وەرزی ڕابردوو توانیان خولی نایابی کوردستان بە دەستبهێنن.

یاریزانەکانیش بریتین لە (عەلی سەرحان، کارزان سابر، محەمەد هاوار، محەمەد جەوهەر، نەوشیروان لوقمان، کاژین لوقمان، محەمەد کەمال، محەمەد رزگار، عومەر جەنگی، ڕەدوان نەسرەدین، ئاکار ئیبراهیم، عومران عەزیز، مەروان قاسم، رزگار فارس، یوسف مەهدی، محەمەد ئازاد).

ئەم یاریزانانە لەسەر ڕاسپاردەی دەستەی ڕاهێنەران بانگهێشتی تیپی دووەم کران.







**گرێبەستی نوێ**

یانەی هەولێر بەفەرمی گرێبەستی لەگەڵ سێ یاریزانی نوێ مۆرکرد تا لەم وەرزە لە تیپی دووەمی یانەکە یاری بکات.

**یاریزانەکانیش بریتین:**

١- کاردۆ کەمال لە یانەی هەندرێن پەیوەندی بە تیپی دووەمی یانەی هەولێر کرد ئەم یاریزانە لە هێڵی بەرگری یاری دەکات.

٢- سعود فاریق لە یانەی برایەتی پەیوەندی بەتیپی دووەمی یانەی هەولێر کرد و لە هێڵی بەرگری یاری دەکات.

٣- دەشتی کازم لە یانەی ئارارات پەیوەندی بە تیپی دووەمی یانەکە کرد و ئەم یاریزانە لە هێڵی هێرشبەردن یاری دەکات.

دەستبەرداربوون

بۆ ئەم وەرزە یانەی هەولێر دەستبەرداری چەند یاریزانێك بوو و ئەم یاریزانانە پەیوەندیان بە یانەکانی تری کوردستان کرد.

هۆکاری دەستبەرداربوونەکە بۆ هۆکاری هونەری و کارگێری دەگرێتەوە.

جێگەی باسە دەستەی کارگێری یانەکە بەفەرمی بریاریدا محەمەد محەمەد ئەمین ناسراو بە (محەمەد خۆشناو) وەکو سەرپەرشتیاری تیپ دەستنیشانکرا.

محەمەد خۆشناو ئەندامی دەستەی کارگێری یانە و ئەستێرەی دیاری یانەی هەولێر بوو و گۆڵکارێکی بەتوانای یانەکە بوو.

# کەرکووکییەکان
# کۆنترۆڵی پاڵەوانێتیی جۆدۆی کوردستانیان کرد

بە چاودێریی لێژنەی ئۆلۆمپیی هەرێمی کوردستان و بە سەرپەرشتیی یەکێتی ناوەندی جۆدۆی کوردستان، بە مەبەستی زیاتر گرنگیدان بەم یارییە لە شارەکانی کوردستان و بەرەوپێشبردنی ئاستی ئەم یارییە لە شاری دهۆك بە بەشداری ١٣ یانەی شارەکانی کوردستان، پاڵەوانێتیی جۆدۆی یانەکانی کوردستان بۆ ماوەی دوو رۆژ بەردەوام بوو، یارییەکانی لە ئاستی نەوجەوانان و تازەپێگەیشتوان بوو، بۆ یانەکانی کوردستان کە سەرجەمیان لە پاڵەوانیەتیەکە کێبڕکێی ئەنجامی باشیان دەکرد، لە یانەکانی شاری کەرکووکیش باڵا دەستی خۆیان لە پاڵەوانیەتیەکە پێشاندا کە توانیان زۆربەی مەدالیاکانیان بۆ شاری کەرکووك ببەنەوە ئەنجامەکانیش بەم شێوەی خوارەوە بوو.

لەسەر ئاستی نەوجەوانان ٥٥ یاریزان لەیانەکانی کوردستان بەشدارییان کرد، یانەی لەیلان بە بەدەستهێنانی چوار میدالیای زێڕ و یەك میدالیای زیو بووە پاڵەوان، هەولێریش دوو میدالیای زێڕ و یەك میدالیای زیوی بەدەست هێنا و پلەی دووەمی پاڵەوانێتیەکەی بەدەست هێنا، یانەی خاکیش بە بەدەستهێنانی یەك میدالیای زێڕ و یەك میدالیای برۆنز پلەی سێیەمی پاڵەوانێتیەکەی بەدەست هێنا، یانەی دهۆکیش یەك زیو و چوار میدالیای برۆنزی بەدەست هێناو بووە پلەی چوارەمی پاڵەوانێتیەکە، هەریەکە لە یانەی بەختیاری پلەی پێنجەم، ئاکرێ پلەی شەشەم، سێمێل پلەی حەوتەم، تاخی پلەی هەشتەم، گارە پلەی نۆیەم، شێخان پلەی دەیەم، زاخۆ پلەی یازدەیەمی بەدەست هێنا، لەسەر ئاستی تازە پێگەیشتووانیش ٤١ یاریزان لە هەشت یانەی کوردستان بەشدارییان کرد، لەسەر ئاستی کوڕان سەورە پێنج میدالیای زێڕ و یەك زیو و دوو برۆنزی بەدەست هێنا و پلەی یەکەمی پاڵەوانێتیەکەی دەستبەرکرد، یانەی هەولێر دوو میدالیای زێڕ، یەك زیو، یەك برۆنزی بەدەست هێنا و پلەی دووەمی پاڵەوانێتیەکەی مسۆگەر کرد، یانەی دهۆك یەك میدالیای زێڕ، دوو زیو، دوو برۆنز و پلەی سێیەمی بەدەست هێنا، یانەی ئاکرێ بە دوو میدالیای زیو و دوو برۆنز پلەی چوارەمی بەدەست هێنا، یانەی سۆلافی نوێ یەك میدالیای زیو، سێ میدالیای برۆنز پلەی پێنجەمی بەدەست هێنا، سێمێل یەك میدالیای زیو، یەك برۆنز پلەی شەشەمی بەدەست هێنا، بەختیاری سێ میدالیای برۆنزی بەدەست هێنا و پلەی حەوتەمی دەستەبەرکرد، یانەی تاخییش پلەی هەشتەم و یەك میدالیای برۆنزی بەدەست هێنا.



# زاخۆ ئامادەکاری بۆ خولی کوردستان دەکات

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی زاخۆ بۆ وەرزی نوێ خولی نایابی یانەکانی کوردستان دەستی بە ئامادەکارییەکانی کردوە، کە بڕیارە یارییەکانی لە مانگی داهاتوو بە بەشداریی ١٣ یانەی شارەکانی کوردستان دەست پێبکات، یانەی زاخۆ ئەمساڵ جیاوازتر لە ساڵانی رابردوو زووتر دەستی بە ئامادەکارییەکانی کردوە، بۆ ئەوەی بتوانێ لە خولەکە کێبڕکێ لەسەر بەدەستهێنانی ئەنجامی گەورە بکات و ببێتە ژمارەیەکی گەورە، کارگێڕیی یانەکەش بۆ سەرپەرشتی کردنی تیپەکە بەفەرمی گرێبەستی لەگەڵ راهێنەران محەممەد یوسف و بناف ئەحمەد و نزار عەبدول عەزیز مۆرکردووە، چەند گرێبەستێکی لەگەڵ چەند یاریزانێکیش کردوە، وەك: ساندای پیشەگەری ئەفریقی لە یانەی گازی باکور هێناوە و مەروان عەبدوڵای لە یانەی رومادی هێناوە، بەنیازە بەر لەدەستپێکی خولی نایابی کوردستان چەندین یاریزانی دیکەیش بهێنێتە ریزی یانەکە، بۆ تۆکمە بوونی تیپەکەیان، جگە لەوەش پشتیان بە کوڕانی شارەکەیان بەستووە بۆ ئەوەی بتوانن بەم یاریزانانە ئەنجامی باشیان هەبێت، کە ئەم تیپەیان تەنیا بۆ خولی نایابی کوردستان و خولی عێراق لە یانەکە جیا کردۆتەوە.



# مەزن محەممەد لە چەند یانەیەک داوا کراوە

مەزن محەممەد راهێنەری تیپی فوتساڵی یانەی وەرزشیی چۆمان کە لە ئێستادا لەگەڵ یانەی چۆمان لە گفتوگۆدایە، بۆ ئەوەی گرێبەستەکەی نوێ بکاتەوە و لە سەرپەرشتیکردنی مەشقی تیپی فوتساڵی یانەی چۆمان لە وەرزی داهاتووی خولەکە بەردەوام بێت، کە بڕیارە لە مانگی ١٢ی ئەمساڵ یارییەکانی بەڕێوەبچێت، ئەو راهێنەرەی شاری هەولێر ئەمساڵ لەگەڵ یانەی چۆمان توانی پلەی دووەمی خولی نایابی فوتساڵی کوردستان بەدەست بهێنێت، لە ئێستاشدا چەند یانەیەك لە شارەکانی کوردستان و بەغدا دەیانەوێ ئەو راهێنەرە پەڵکێشی ریزی تیپەکانیان بکەن، لەم بارەشەوە مەزن محەممەد بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «لە ئێستادا لەگەڵ مامۆستا قاسم لە خولی نایابی فوتساڵی عێراقی سەرپەرشتیی تیپی نەفتی شیمال دەکەین، چاومان لەوەیە ئەنجامێکی باش بەدەست بهێنین، بەڵام بۆ خولی کوردستان لەگەڵ یانەی چۆمان لەگفتوگۆداین، بۆ ئەوەی بتوانین بگەینە رێککەوتنێك بۆ ئەوەی وەرزی داهاتووش لەگەڵیان بەردەوام بم»، گوتیشی: «من هیچ گرفتێکم نییە، ئەگەر کارگێڕیی یانەی چۆمان مەرجەکانمان جێبەجێ بکات، ئەوا بە دڵنیاییەوە لەگەڵ یانەی چۆمان دەمێنمەوە، لە بارەی داواکردنی لەلایەن یانەکانی دیکەش گوتی: «لە چوار یانەی شارەکانی کوردستان و یانەیەکی شاری کەرکوك و دوو یانەی شاری بەغدا داوای گرێبەستم لێ کراوە، بۆ ئەوەی لە تیپی فوتساڵی کچان لەگەڵیان کاربکەم، بەڵام تاوەکو ئێستا چارەنووسی خۆمان یەکلا نەکردۆتەوە، چونکە لەئێستادا گفتوگۆکانم لەگەڵ یانەی چۆمانە و ئامانجی من وەکو راهێنەر خزمەتکردنی تۆپی فوتساڵە لە شارەکانی کوردستان و گرنگیدانە بە تیپەکانی کچان، بەهیوای ئەوەشم لە داهاتوویەکی نزیکدا چارەنووسی خۆم یەکلا بکەمەوە، بۆ ئەوەی دەست بە ئامادەکارییەکان بکەین و بتوانین بۆ دەستپێکی وەرزی نوێی خولەکانی کوردستان، تیپێکی تۆکمەی پڕ لە یاریزانی بەتوانا ئامادە بکەین.»

